# نەجوا ئەگەر راستگۆیت بۆ بێدەنگی لە ئاست زوحاكەكانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار؟ ....

## كامەران هەمەوەندی

سەرەتا نامەوێ وولاّم دانەوەی هەموو نووسینەكانت بم، تەنها ئاماژە بە چەند برگەو خاڵیك دەكەم، وە جەنابت كێت و بە چ ناوێكی خوازراو ئەنووسیت، ئەوە خۆت سەر بەستی، لە ئاشكرا نەكردنی ناوی حەقیقەتی خۆت، چونكە ئەبوایە بە پێێ نووسینە كەی پێشوت، ئێستا وێنەكەی خۆت لەگەڵ نووسینەكەت بوایە، هەرچەند ئێستا وای لێهاتووە هەندێ نووسەری بێ وویژدان، وێنەی كەسانێ لە برێ خۆیان بلاّو دەكەنەوە كە هەر كورد نین، بگرە لە خەویش ناوی كوردستانیان هەر نەبیستووە، لە سایت و گۆڤارەكان دەری دەهێنن.
كوردی هاوزمانم: هەر قسەیەك، یان هەر نووسینێك لە ئەدەبیاتی خۆی دەرچوو، بووە تەشهیرو جوێن و ناو زراندن و دوور بوو لە هەموو موراڵە جوانەكانی مرۆڤایەتی، ئەو كاتە جێگەی بایەخی هیچ نوسەرو رۆشنبیرێك نیە، كاتی خۆی بكوژێت بەم جۆرە ئەتوارانە، چونكە ئەركی ڕاستەقینەی نووسەرانی خاوەن قەڵەم، گواستنەوەی ڕاستیەكانەو، ئاشكرا كردنی ڕەوشتە ناپەسەندەكانی كۆمەڵگایە بۆ ڕای گشتی، نەك نووسینەكان تەنها لەیەك بازنەدا بێت، وەك جوێن وناو زڕاندن وتەشهیر كردن بێت. من وەك كوردێكی موسوڵمان بە ڕەوشتە جوانەكان، یان بە هەر نووسینێك، لە خزمەتی ڕەوای كێشەی كوردستانەكەمان بێت، من سوپاس گوزاری ئەو كەس ولایەنەم، ئیتر هەر ئایدیاو بەرنامەیەكی فكری هەبێت.
لە برگەیەكدا باس لە دوو (مەلا) دەكەی دەر كرابن لە خوێندەوەی ووتاری هەینی، بەلاّم هەركەس گوێبسی ووتاری ئەو دوو مەلایە بوو بێت www. syadahmad. com ئەزانێ چەندە دژی تیرۆرو كردەوە تیرۆرستیەكان ووتاریان داوە، لە ووتارەكانیان لە سەردەمی شێخ زانای تیرۆرست و باندە دروستكراوەكەی، لە لایەن موخابەراتی ناوخۆیی و دەرەكی، باشترین شاهیدن، كە ئەم دوو مرۆڤە چۆن رسوای زاناو گروپەكەیان دەكرد، لە مینبەری مزگەوتەكەیان، بە بێ ڕەوشترین و بۆگەنترین گروپیان ناساند بە خەڵكی شاری هەولێر، وە ئەیانووت مەلا كەی دەزانێ كامێراو ئەو دەزگاو ئەو جیهازانە بە كاربێنێ، گەر دەستی موخابەراتی ناو خۆیی و لایەنەو دەزگایەك نەبوو بێت، ئەگینا دەیان ساڵە بۆ بە ئازادی ئەم شارو ئەو شاریان دەكرد، بێ ئەوەی توش بوو بن.
لە سەر ووتنی ئەم ڕاستیانە دەركران خۆ ئەمە ئیشی یەكەم جاریان نیە، ئەی هەر لە سەردەمی سەدامی خوێن ڕێژ نەبوو، قەدەغە كران لە ووتار دان؟ دیارە دەسەڵات مەلایەكی دەستە مۆیان ئەوێت، ڕاستی و عەدالەت باس نەكات و هەرچی خەم و نەهامەتیەكانی كۆمەڵگا هەیە لە سەر مینبەر نەیدركێنێ، بۆ مەسئولینی نێو شارو وولاّت، وە باس لەو زوحاكانەی دەسەڵات دارانی كورد نەكات، كە چۆن شەو ڕۆژ تێر خواردنیان بۆ نیە، گیرفانەكانیان ئەوەندە گەورەیە هەرگیز پڕ نابێت!
ئایا ئەگەر خۆت بە دڵسۆزی گەل و میللەت دەزانی بۆ لە ئاستی ئەم هەموو پاشا گەردانییەی مەسئولەكانی كورد لە مەڕ گەندەڵی، كە سەراپا نقوم بوون، بۆ بێ دەنگی هەڵدەبژێریت؟ بۆ فزەت لێوە نایە؟ گرتوتە بە حیزبێك هیچ پشكی نیە لەو شەڕە نەگریسانەی ناوخۆ، جگە لە ئیدانە كردن و ڕسوا كردنی ئەو شەڕانە نەبێت، لە لایەن یەككرتووی ئیسلامی یەوە، وە هەندێ لە حەق بێژانی پارتە علمانیەكان، كاتێ باس لە پارتە ئیسلامیەكان كراوە، ئاماژەو وەسفێكی جوانیان بۆ یەكگرتوو كردوە، كە هەموو كات دژی توندڕەوی بوونە، هیچ كات پەنایان بۆ هێز نەبردوە، بۆ یەكلاكردنەوەی هەر كێشەو

گیرو گرفتێك كە هاتبێتە ڕێگایان، تاكە كەناڵێك بە كاریان هێنا بێت، زمانی حیوارو گفتوگۆ بووە، نەك بە پێچەوانەی لایەنەكانی تری ساحەی كوردستان بە ئیسلامی و علمانیەوە، بۆ زۆر لە كێشەكان، تەنها زمانێك بەكاریان هێنا بێت، زمانی چەك و هێز بووە، وە زۆر شانازی دەكەین لە 1994 وە تاوەكو ئێستا، یەكگرتوو دەستی سوور نیە لە شەڕە ناوخۆیەكانی كوردستان، دڵی دایكێكی كوردی جەرگ سووتاو نەكردوە، خوشكێكی كوردی ڕەشپۆش نەكردوە، منداڵێكی چاوگەشی كوردی بێ ناز نەكردوە، ئیتر تۆ هەرچی دەڵێت و دەنووسیت، بۆ ڕازی كردنی دڵی ئاغاكانتە، كە بەناوی مستعارەوە ئەدیۆی، هیچ كەسێكی حەق بێژو ڕاستگۆ باوەڕ بە نووسینەكانت ناكات، نازانم ئەو نووسینانەت خزمەت بەكام لایەن و كێشەكانی كۆمەڵگا دەكات؟ لە دەربڕینی كۆمەڵێك حەقدو بوغز نەبێت لە هەناوی جەنابت.

لە جێگەیەكی كەدا باس لەوە دەكەی كە یەكگرتوو یارمەتی منداڵانی بێنازی كوردستانی دابێت، ئەو پارە لە وولاتانی كەنداو هێناویانە، زۆر ڕاستە، بەس نیە لەو گرمەو ناڵەی ئاربیجی وكاتیۆشاو تۆپ باران كردنی دەڤەرەكانی ژێر دەسەڵاتی یەكتری، لە شەڕە پیسەكانی ناوخۆ، كە بوە هۆی كوژرانی چەندین هەزار لاوی خوێن گەرمی كوردستان، لە پێناو دۆلارە لێشاوەكەی ئیبراهیم خەلیل بۆ نێو گیرفانەكانی خۆتان، وە چەندین هەزار منداڵی چاو گەشی كوردتان بێ باوك و بێ ناز كرد، ئەو كات و ساتە یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان دەستی سۆزو بەزەیی دەهێنا بە سەریان، یارمەتی مانگانەی بۆ دەیان هەزار منداڵی كورد، دابین دەكرد بە بێ جیاوازی ئەو منداڵانە، كە باوكیان پارتی بوو بێت، یان یەكێتی، یان ئیسلامی، یان هەر پارتێكی كە بوو بێت. خۆ ئەو دیارییانەی سەركردەكانی هێزی شەڕلەو زەمەن و كاتە، گوللە بوو بۆ منداڵەكان، لە جیاتی یارمەتی و باوەشی سۆزو میهرەبانی، خۆ ئەگەر یەكگرتوو بە سواڵ وسەدەقە بوو بێت، لەو كاتە باشترین خزمەتی كرد، نەك پارەی داهاتی هەموو كوردێك، هەردوو حیزب بۆ مەرامی خۆیان بە كاریان دەهێناو، كە تاپۆیان كردبوو لە سەر خۆیان و بنەماڵەو ئەندامەكانیان.

لە جێگەیەكی كەدا باس لە دكتۆر عەلی قەرەداخی دەكەی، كە حەقد و بوغز ڕێگەت نادات كە پرۆفیسۆرێكی كوردە بە عەلی ناوی دەبەیت، هەموو كەس ئەو مرۆڤە دەناسێت، كە چۆن تەنها بە هۆی هەوڵ و ماندوبوونی ئەو زاتە سەدەها پرۆژەی گەورەو گرانی بونیات ناوە، لە كوردستان، وەك نەخۆشخانەیەكی گەورە لە دهۆك، یان دەیان قوتابخانەو بنكەی تەندروستی و مەشروعی ئاوو ئاوەڕۆ بۆ سەدان گوندی خاپوركراوی كوردستان،

بۆیە دڵنیات دەكەینەوە ئەو پرۆفیسۆرەی كورد هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان عەگالی عەرەبی لە سەر نەكردوە، تەنها پارچەیەكی سپی نەبێت لە سەری، ئەویش زۆر لە مامۆستایانی ئاینی كوردستان و هەموو جیهانی ئیسلامی بە كاری دێنن، خۆ مەلایەكی سەر بەپارتە كەی خۆت كە ئەندامی پەرلەمان بوو، هەموو كات ئەو پارچە سپییەی بە كار دەهێنا، ئاساییە بۆ مەلاكەی خۆتان، بەلام بۆ پرۆفیسۆرێكی وەك دكتۆر عەلی نا؟ ئەمە چۆن پێناسەیەكە؟

لە شوێنێكی كەدا ئەڵێت یەكگرتوو خۆی هەڵدەواسێت بە یەكێتی، یان پارتی، وە كلاوی كردۆتە سەر ئەم 2 پارتە، نەخێر ئەو دوو پارتە بوو فێڵیان لە یەكگرتوو كرد، بۆ ئەوەی كورسیەكی زۆری پەرلەمان بێنن و هەندێ دەسكەوتی زیاتر بە دەست بێنن، بۆ خۆیان ئەوە بوو هیچ پا بەندی ئەو بنەما ئەخلاقیانە نەبوون كە پێشا بەڵێنیان دابوو بە یەكگرتوو بە پێدانی وەزارەت لە بەغداد، ئەوە بوو وەزارەتەكەیان كردە سەدەقە بۆ كەسێكی عەرەب، لە بەر دڵگراگرتنی عەرەبەكان، تەنانەت كاك مەسعود ئاماژەی بەو ڕاستیە كرد، كە ئێمە ویەكێتی مافی یەكگرتوو مان خوارد، لە پێنەدانی وەزارەت پێیان.

با جارێکیکی کە دڵنیات کەم کە یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لەوە ناچێت لەگەڵ ئەو دوو پارتە پێکەوە دابەزێت، چونکە زۆر لە مافەکانی کورد لەم دەستورە چەسپاوە، ئیتر پێویستی بەو لیستی هاوبەشە نیە لەگەڵیان دابەزێت، مادام شەڕی دەستور تەواو بوو.
باس لەوە دەکەی تەلەفزیۆنەکەی یەکگرتوو شەق وشڕە، لەمەیان زۆر ڕاستت فەرموو، تەلەفزیۆنەکەی یەکگرتوو ئاوایە، ئەی بڵێن چی خۆ تێڤێ کانی کوردستان تیڤی و کورد سات تیڤی و زاگرۆس تیڤی نیە، لە سەر داهات و خوێنی هەموو  تاکەکانی کورد دروست بووە، هەرچی داهات و سامانی وولات هەیە بۆ مەرامی سیاسی خۆتان و دروستکردنی تیڤێ کانتان بەکاری دێنن
ئەی خۆ مانگانە هەزارەها دۆلاری ئەویت بۆ حەقی کردنەوەی ئەو دەزگا فەزاییانەو بە سەدان کەس کار دەکات لەو تێڤێ یانە، هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لە کوێی بوو؟ ئەگەر خوێنی هەموو میللەت نەبێت، کە دارو بەردو هەموو بستێکی خاکی ئەم کوردستانەتان حیزباندوە، بۆ خۆتان.
بۆیە ئەمەوەێ لەم مینبەرەوە بە جەنابت و هەموو ئەو کەسانەی کە وەك تۆ بیر دەکەنەوە، ڕابگەیەنم کە خۆشتان بێت یان نا، تا بێت ئیسلامی میانرەو وڕابوونەکەی لە هەموو وولاتان لە گەشە سەندن دایەو بوونی جەماوریان و پێگەو قورساییان لە کۆمەڵگا، وا دەکات بەرەو زیاتر برۆن، چ جای ئەو گرۆپە تیرۆرستیانە کە بەناوی ئیسلامەوە کاری تۆقاندن و نامرۆڤانە ئەنجام ئەدەن، یان زۆر لە ناحەزانی دەزگا بەناو علمانیەکان کە شەو رۆژ لە پرۆپاگەندەی خراپن دژی ئیسلامیە میانڕەوەکان، بۆ زیاتر کۆکردنەوەی خەڵکی لە خۆیان، تا بێت پارتە علمانیەکانی وولاتانی ئیسلامی پێگە جەماوەریەکانی ڕوو لە دابەزینە، چونکە نەیاتوانی خزمەتی جوان بە کۆمەڵگا بکەن، لە دزی و گەندەڵی و تاکرەوی و خۆ فەرز کرن و قبوڵ نەکردنی ڕای جیاواز زیاتر هیچی تریان پێشکەشی کۆمەڵگا نەکرد، باشترین بەڵگە بۆ ئەو جۆرە کەسانە کە پێیان وایە پێگەی پارتە ئیسلامیە میانڕەوەکان ڕوو لە دابەزینە، هەڵبژاردنەکانی 1992 هەموو ئیسلامێکانی کوردستان نزیکەی لە سەدا 4 یان هێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی پار تەنها یەکگرتووی ئیسلامی لە سەدا 10 ی هێنا، وە کۆمەڵی ئیسلامیش لە سەدا 6 ی هێنا، چ جای ئەو هەموو خروقات و فرتوو فێڵ و تەزویرو دەنگ کرین و، ئەو هەموو ئەتوارە ناپەسەندانەی کە لەو کاتە هەردوو پارتی دەسەلاتدار کردیان، لە هەڵبژاردنەکان، تا وای لێهات ناوی هەر 3 پارێزگاکەی کوردستان خاڵبەندی ڕەشی هێنا بە سەریان، لە لایەن دەزگاکانی یوئێنەوە، ئیتر پێگەیان ڕوو لە نزمی یە یان بەرەو پێش دەڕوات؟ ئەی کەسانێ ڕاستیە کان ئاوژوو دەکەن، یان بوونەتە پسپۆرێکی پارە خۆر بە ناوی ئیسلامی سیاسی.
خۆ پارتی حکومەتەو بە ملیۆنەها دۆلاری خەزنکراوی لە بەردەستەو بە سەدەها هەزار دۆلاری بەخشی لە کاتی هەڵبژاردن بۆ دەنگ کرین کەچی نەیتووانی تاکە کورسیەکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە یەکگرتوو زیاتر بێنێت، ئەوە بوو 5 کورسی پارێزگای هێناو یەکگرتووی ئیسلامیش 5 کورسی، یان یەکێتی بە هەمان شێوە بە ملۆن دۆلاری بلۆکی لە بەر دەستایە کەچی لە شاری دهۆك 4 کورسی پارێزگای هێنا، یەکگرتووی ئیسلامیش 4 کورسی هێنا، خۆ ئەم 2 پارتە لەو کاتە بە سەدەها هەزار دۆلاریان دابەش دەکرد بە نێو سەرۆك خێڵەکان بۆ دەنگ کرینی نادروست، ئیتر بۆ ڕاستیە کان ناڵێن؟ کوا هەواداارنی ئیسلامی میانڕەو ڕوو لە کەم بوونە؟ تەنها ڕاستیەك ئەوەیە لە هەموو جیهان گرووپە ئیسلامیە توندڕەوەکان جێگەی نەفرەتەو، بە هۆی کارو کردەوە نامرۆڤانەکانیان کە ئەیکەن بەرامبەر بە خەڵکانی سقیل و مەدەنی، تا بێت جەماوەری ئەم گرووپانە ڕوو لە نزمیە، نەك پارتە ئیسلامیە میانڕەوەکان، خۆ ئەگەر وولاتێکی زلهێزی وەك ئەمریکا،

نەزانیّ ئیخوان موسلمین لە میسر، فکریان و مەنهەجیان میانڕەوانەیەو پێگەو قورسایی زۆریان هەیە لە میسر، چۆن لە هەوڵ دایە بۆ گفتوگۆ کردن لە گەڵیان، وە تەنانەت لە هەوڵی ئەوە دایە، ڕێگای گفتوگۆ بگرێتە بەر بۆ زۆر لە پارتە ئیسلامیە میانڕەوەکانی جیهان، چاك دەزانیّ، کە چۆن تا بێت لە گەشەو برەودان. ئایا وەرگرتنی ئەو هەموو پۆلیس و ئاسایشانە بە پێدانی پارەی زۆر مانای چیە؟ کەچی زۆر لە مامۆستاکانی قوتابخانەکان وایان لێهاتووە واز لە کاری مامۆستایی بێنن بڕۆن ببنە پۆلیس و ئاسایش، ئایا ئەمەش جۆرێك نیە لە دەنگ کڕین و خەڵك کۆکردنەوە لە خۆیان، خۆ ئەگەر ئەو پارە لێشاوەیان لێببرێت کەس ئاوا دەبێت بە پۆلیس و ئاسایش؟ مامۆستایەك نەوەی دوارۆژ پیّ ئەگەیەنیّ، ئەو پارەیەی وەری دەگرێت زۆر کەمترە لە پارەی پۆلیس و ئاسایش بۆ؟ ئایا خزمەتیان کەمە؟ یان ئەوە نیە وەك ئاسایش و پۆلیس هەموو یان سەر بە خۆیان بن، بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان لە دەست نەدەن. وە نموونەی وولاتانی تری وەك تورکیا کە دوایی 70 ساڵ لە گەنەدەڵی پارتە علمانیەکانی چەپ وناسۆنالیستی، ئەوە بوو پارتی دادو گەشەپێدان زۆرینەی کورسیەکانیان بە دەست هێنا، یان پارتی گەشە پێدانی ئیسلامی لە مەغریب کە گەورەترین پارتی بەرهەڵستکارە، نزیکەی 50 کورسی پرلەمانی هێناوە، یان لە پاکستان و کۆیت دەر کەوت ئیسلامیەکان کە زۆر لە کورسێکانی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە، جا ئەمە پێچەوانەی قسەی ئەو کەسانەیە کە پێی وایە جەماوەری ئیسلامیەکان بەرەو کەم بوونە، خۆ کەسایەتیەکی ناسراو سیاسەتمەداری ئەمریکی وەك جۆن ئەسپۆ زیتۆ ئەڵیّ: ئەگەر بێت و هەڵبژاردنێکی پاك و ئازاد لە وولاتە ئیسلامیەکان بکرێت، بەبیّ دەست تێوەردانی حیزبی دەسەڵاتدار ئەوا زۆربەی پارتە ئیسلامیە میانڕەوکانی وولاتانی ئیسلامی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان بە دەست دێنن.